هەرکەسێک ڕەحم نەکات، ڕەحمی لێناکرێت!

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ماچی حەسەنی کوڕی عەلی کرد -ڕەزای خوایان لێبێت-، وئەقرەعی کوڕی حابیسی لە لابوو، ئەقرەع ووتی: دە کوڕم هەیە هەرگیز ماچی کەسیانم نەکردووە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەیری کرد وفەرمووی: «هەرکەسێک ڕەحم نەکات، ڕەحمی لێناکرێت!».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ماچی حەسەنی کوڕی عەلی کرد -ڕەزای خوایان لێبێت-، وئەقرەعی کوڕی حابیسی تەمیمی لە لابوو، ئەقرەع ووتی: دە کوڕم هەیە هەرگیز ماچی کەسیانم نەکردووە، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سەیری کرد وفەرمووی: (هەرکەسێک ڕەحم نەکات، ڕەحمی لێناکرێت!)، ولە گێڕانەوەیەکدا: (من چی دەتوانم بکەم ئەگەر خوای گەورە ڕەحمی -بەزەیی- لە دڵتدا دەرهێنا بێت)؛ واتا من ناتوانم هیچ بکەم ئەگەر خوای گەورە سۆز وڕەحمەت وبەزەیی بە دانایی وحیکمەتی خۆی لە دڵت دەرهێنا بێت؟ ئایا من دەتوانم بیگەڕێنمەوە؟

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5440